www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:05  بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیدێک لەسەر جەنگی عەرەب ئیسرائیل ... جەمال فەتاح

جەنگی عەرەب ئیسرائیل، یان ئیسلام و یەهود، لەمێژە بەرپایە، جگە لە جەنگە ئاینییەكانی سەردەمی پەیدا بوونی ئیسلام و درێژە پێدانی لەلایەن ئیمپراتۆیەتەكانی ئیسلامەوە هەتا ڕمانی دوا ئیمپراتۆریەتی ئیسلام كە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، ئەوە لەساڵی 1948 جەنگی سیاسی عەرەب ئیسرائیل دەستی پێكردووە وتاكو ئێستاش بەردەوامە، ئەو جەنگانەش لەو نێوانەدا بەدرێژایی مێژوو ملوێنان خەڵک بوونە قوربانی و لەهەر دوولا تەنها خەڵكی سادەو هەژار بەدرێژایی مێژوو باجەكەیان داوە، هەروەكو ئێستاش لەلوبناندا ڕوونەدات؟!.

سەرانی ئیمپراتۆریەتە كانی ئیسلام بۆ بەهێزكردنی پایەو دەسەڵاتی خۆیان هەردەم لەگەڵ گەلانی ناموسڵماندا هەوڵیانداوە جەنگێک بەرپابكەن، ئیتر ئەو دوژمنە ناموسڵمانانە مسیحی بووبێت یان یەهودی یان ئەرمەنی یان گاور یان خاچ پەرست هیچ جیاوازیی نەبووە بۆ ئەوان ئەوە گرنگ بووە كە جەنگ لەگەڵ كافردایە وغەزایە، ئەم جۆرە ئاكارو بیرەی ئیمپراتۆریەتە كانی ئیسلام ئیمپرا تۆر لە دوای ئیمپراتۆر گوازراوەتەوە بۆ یەكتر بۆ نەوە لەدوای نەوەی ئیسلام.

زۆر جار ڕژێمە كانی ناوچە كە ڕووپۆشی ئاینی یان بەسەر خۆیاندا داوە دوژمنانی خۆیان هەر چەند موسڵمانیش بووبن بەكافر نرخاندووە ئەمەش لە بەر ئەوەی شەرعییەت بە جەنگە كەیان بدەن، وەک جەنگی ئێران ئێراق، زۆر جار ڕژێمە كانی ئێراق خەباتی ڕەروای نەتەوایەتی نەتەوەی كوردیان بە چەتیی وڕێگری یان كوردیان بەكافر لەقەڵەم داوە لەبەر ئەوەی خوێن وسەروماڵمان حەڵاڵ بكەن بۆخۆیان وەک نمونەی ئەنفال وقڵتوبڕ كردنی كورد وهتد..

ئەم جەنگە سیاسییەش كە لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا لەساڵی 1948 وە بەر پابووە چی ڕژێمە عەرەبییەكان كە لەسەدەی ڕابردوودا چەندین جەولەی شەڕی خوێناویان لەنێوان خۆیان ئیسرائیلدا بەر كردووە ولەهەموشیاندا تێكشاكاون، چی ڕێكخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین و دوای ئەوانیش حەماس و حزب اڵڵا هەمو جەنگە كانیان هەوڵیانداوە مۆركی ئیسلامی بە خۆیانەوە بنێن و مۆركی كافرو زایۆنزم بە ئیسرائیلەوە بنێن؟!، ئەمەش بۆ یاری كردن بەمشاعرو ئیحساسی خەڵكی سادەی عەرەب وموسڵمانان بووە تاكو بیان كەن بە خۆراكو سوتەمەنی شەڕە دۆڕاوەكانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەڵام لەڕاستیدا ئەو شەڕانە لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلدا ڕوویانداوە لەساڵی 1948 وە هەتاكو ئێستا هەموی جەنگێكی سیاسی بووە نەک ئاینی، چونكە لەلایەک یەهودیەكانی جیهان وئیسرائیل بەمافی خۆیان زانیوەكە لەسەر خاكی بابو باپیرانی خۆیان ولەسەر نیشتمانی عیسای پێغمەبەریان كە خودی ئیسرائیلە دەوڵەت ودەسەڵاتێكیان هەبێت و ئەمەش مافی سروشتی هەر مرۆڤێكی جیهانە، بۆیە ئەو دەوڵەت ودەسەڵاتەیان لەو جێگایەدا پێكهێناو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بەهێزتری ئەكەن تاكو ئێستا بوونەتە تاكە دەوڵەتی ناوچەكە لەڕووی هێزی سەر بازی وتەكنیكی جەنگەوە وە تاكە دەوڵەتی ناوچەكەشە كە خاوەنی چەكی ناوكییە، بۆیە ئەگەر هەمو عەرەب لە ڕابردودا وبەهەمو توانایان نەیان توانیوە ئیسرائیل لەناوبەرن بادڵنیاش بن كە ئیسرائیل بە حەماس وحزباڵڵاش لە ناو ناچێت، بۆیە لەباتی پڕووپاگەندەی جەنگی ئیسلام وكافر و چاوبەستكردنی خەڵكی سادەی عەرەب بەو پڕووپاگەندانە باش وایە عەرەب بەسەر خۆیان بێنەوەو ڕاستی ڕووداو لەبەر بگرن وچیتر درۆ لەگەڵ خۆیان ولەگەڵ جەماوەری خۆیان نەكەن، چونكە لەلایەک سەردەم گۆڕاوەو وئەمرۆ هەر كەس ئەگەر خۆیان هەڵەنەكەن ڕاستی ڕووداوەكان بەچاوی خۆیان ئەبینن، لەلایەكیتر بەدرێژایی مێژووی جەنگەكانی عەرەب ئیسرائیل هەردەم عەرەب تێكشكاوەو ئیسرائیلیش بەو پەڕی سەر كەوتنەوە لە هەمو جەنگەكاندا دەرباز بووە، درێژەدان بەجەنگی عەرەب ئیسرائیل ساڵ لەدوای ساڵ ئیسرائیلی بەهێزتر كردووە، درێژەدان بەجەنگی عەرەب ئیسرائیل بووەتە هۆی داگیركردنی جۆلان وبەرزاییەكانی دەوروبەری كەبەشێكن لە خاكی سوریە، سەحرای سیناو كەنداوی سویس كە بەشێكە لەخاكی میسرو پاشان كاتێک كە میسر لەگەڵ ئیسرائیل ڕێكەوت ئیسرائیل گێرایەوە بۆ میسر، دگیركردنی بەشێک لەباكوری ئەردەن وگوێ ڕووباری دەریای سور كە لەكاتی ڕێكەوتنی ئەردەن ئیسرائیل گەڕایەوە بۆ ئەردەن، باشوری لوبنان كە دواجار لەساڵی 2000دا ئیسرائیل بەپێی بڕیارێكی نێودەوڵەتی لێیدەر چوو، ئەمانە هەموی ئەوە ئەگەیەنێت كە عەرەب ئەوەی بەئاشتی دەستیان ئەكەوێت هەرگیز بەشەڕ دەستیان ناكەوێت، ئێستاش هەمولایەک ئەزانین كە لەشكری پڕچەک ودەورەدیدەی ئیسرائیل بە چەند میلیشیایەكی گەندەڵی حەماس وحزباڵڵا لەبن نایەت ودەوڵەتی بەهێزو دامەزراوەی مەدەنی ئیسرائیل بەوان ناڕووخێت؟!، بۆیە باشترە لەباتی ئەو ئاژاوەگێڕی ودرۆ لەگەڵ خۆكردنە ڕێگای ئەقڵ ومەنتق لەبەر بگرن وچیتر ماڵوێرانی بەسەر عەرەبدا نەهێنن..

لەندەن 2006/7/19